# گەنج گەلێکی برسی هەن لەکوردستان

محەمەد گەڵاڵەیی

ئەو بارودۆخوژیانەی ئێستای گەنجی کوردستان تێیدا دەژیتو دەیبینین، هاوکێشەیەکی لاسەنگی دروستکردووە لە ژیانی رۆژانەی گەنجدا، ئەمەش رۆژ بە دوای رۆژ ئەم هاوکێشیەی ژیانی گەنج دووبارە ئەبێتەوەو خۆیشی ئەچەسپێنێت و، لە فۆرموشوێنی جیاجیای ئەم وولاتەمانداو خۆی پەرەدەسێنێتو مەترسیەك بۆ ئایندەی گەنج دروست ئەکاتو دەمانخاتە بەردەم واقیعێکی مەترسیانەی هەست پێکراوی سەردەمیانە کە ئەویش سەرگەردانیو ماڵوێرانییە بۆ گەنجی کورد، بەم رووداوەش چی دێتە بەرهەم خەڵکینە؟ بەڵێ: گەنج گەلێکی برسی پەیدا دەبن لە کوردستان، بەلاّم چ گەنج گەلێکی برسی ئامادەی ژیانو ژیانکردنەو لەهەمانکاتیشدا داوای پێداویستیەکانی دەکاتن، دیسان بەڵێ: گەنج گەلێکی برسی لە گشت بواروهیوایتیەکانی ژیان چاوەڕوانی ئەوپێداویستیانەییە کە تێریانی دەکات گەنجەکان، بە بەردەوامیش ئەم توێژەی گەنجانی کوردستان بەدوای ئەم هەلو بوارانەی ژیانەوە برسین. لەوانە: گەنج هەیە برسیە بەدوای ئازادی ڕادەربرین بە هەموو شێوەکانیەوە لە بەرامبەر حزبە دەستەلاّتدارەکان وئەوانی ترو حکومەتو کۆمەڵگاو دابەنەریتەکۆنەکانو کارە نایەکسانیە کۆمەلاّتیەکانی کۆمەڵی کوردستانیو، یەکێکە لەخەونە هەرە سەرەکیەکانی ژیانی گەنجانەی کوردستان کە زۆری بۆ برسیی بووە، لەلایەکی ترەوە گەنج گەلێکی برسی هەن دەیانەوێت لە بەرامبەر حکومەتو حزبەکان، کۆمەڵگاوداب‌ونەریتەکانیو بەشێوەیەکی عەقلانّیو زانستیانە، کە سەرئەنجام رەخنیەکی تەواو بخاتە سەر ئەمانەی سەرەوەو ئەو برسیەی عەقڵی گرتۆتەوە دریبڕێتو تێربوونەکەی بچێژێتو بەزمانەکەی خۆی تامی بکاتن کە زمانێکی رەخنە گرانەی خامۆشکراوە لە ژیانی گەنجدا.

گەر لێکدانەوەیەك بۆ ئەم دێرانەی سەرەوە بکەین، دەبینین ئەم گەنج گەلە برسیەی کوردستان خەریکە دەبێتە توێژێکی واقیعیەتی کوردستانو وای لێهاتووە کە بەگەنج گەلێکی برسی بانگی بکەین. وەکو توێژە بەپەراوێزخراوەکانی تری کوردستان لەکۆڵە مەرگیدا دەژین، کە لەراستیدا گەنجێکی پەکەوتە دێتە بەرهەموبەرهەمهێنراوەیشە لەم پانزدەساڵەی حوکمڕانی کوردستان، ئەم گەنج گەلە برسیەی لێ دروستبووە کە برسی وولاّتانی دەرەوەو سەرهەڵگرتنی لەم وولاّتە کەهیچ برسیەکی دەروونی بۆی پڕنەکردۆتەوەو جا مادیەکانیشی باسکەین هەر لێی گەرێ، بەم شێوەیە چەندان گەنجی کورد برسیەتی وولاّتانی ئەوروپایان پێخۆشترە لە برسیەتەکەی کوردستان کە ژیانی لێتێك داون و تێرێشیان ناکات، دەرئەنجامی ئەمەش زۆر بەدەرکەوتوون، کە گەنج هەن برسی مادە بێهۆشکەرەکانن کە گەورەترین کێشە بۆ حکومەتەکانی ئایندەی کوردستان چێدەکاتو بگرە لە ئەوپەری تێك چوونی شیرازەی کۆمەڵگاو ئاسایشی نەتەوەییو تادەگاتە بوارەکانی تەندروستیو ئابووری.,هتد.گورزو زەرەرێکی گەورە دەوەشێنێت لەکۆمەڵگای کوردیدا، کە سەرە داواکانی خەریکە دەبنە راستیو بەچاو دەیان بینین.

سەرباری ئەمانەش چەندان گەنج گەلی ناتێرهەن لە بەدوای توندوتیژیوتیرۆردان، هەن بەدوای نەمانی گەندەڵیوخستنەرووی شەفافیەتدان، هەن بەدوای دامەزراندنی ریکخراوە سەربەخۆو رۆژنامە ئازادییە تەواوەکاندان، هەن

بەدوای سیاسیەتی ئازادودیموکراسیو هەڵبژاردنی راستەقینەدان، هەن بەدوای بوونی رێکخراوە داکۆکیکەرە گەنجیو لاوانییەکان وچارەسەرکردنی کێشەکانیاندان، هەن برسین بەدوای ئاکتیڤ بوونی رێکخراوو سەنتەر رۆشنبیریەکاندان نەك بەناوو سیماکان کە سالێ دوو ڤیستڤالی ئەدەبیو رۆشنبیری نابەستنو بەرەوپێشڤەچونێکیان دروستنەکردووە لە دەوربەری خۆیاندا، گەنج گەلێك هەن لە کوردستان کە زۆر برسین بەداوی بوونی کتێبخانەو پاركو شوێنی حەوانەوە کە ئەمانەش گەنجەکانی سۆرانوکەلاروچۆمان..هتد بەراستی من لەناو خودی واقیعەکەدام زۆربرسینو ئەوەندە نەماوە گەدەیان ووشك بێت لەم برسیەتداو،بەتایبەتیش بۆ ئەم خۆراکانەی کەوەختە بەبرسیەتی دەیانکوژێت کە نایانگاتێو پێشیان نادەن، لەم ساتە وەختەدا گەنج گەلێکی لەم جۆرە تێر نەکرێت لە کوردستان ئەوا رۆژ بەدوای رۆژ لە زیادبووندایەو گۆرانەکانیش هەر بەم ئاقارانەدا بڕۆنو لەسەرخۆبنو حکومەت ئاوڕ لە گەنج نەداتەوە و حزبەکانیش بەبەردەوامی توانستەکانی گەنج بکوژنوکەرۆژانەش دەمرێننو توانستە لەبن نەهاتووەکانیان لە خاچی گەندەڵی ونابەرپرسیاریەتی دەدەن.

ئیتر وای لێدێت لە دوارۆژی کوردستاندا گەنج گەلێك دێتە بەرهەم ودەمێنێتەوە لە ژێرخانو سەرخانی کوردستاندا، کەلە ڕەوە ئینسانێکی سەدەی بیست ویەکەمن، بەلاّم لەڕەوە مرۆڤەکانی مەغۆل نەبێت لەهیچی ترناچن، کاتێك دەبینینو یاخود دەبیستینەوە، گەنج گەلە برسیەکان کەوتوونەتە خۆشیەكو یاخود خۆراکی برسی شکانەکەیان پێدەدرێت هەروەکو مەغۆلەکان هەڵسوکەوت دەکەن، چۆن مەغۆلەکان برسی وولاّتانوداگیرکاری بوون، خۆیان تێر دەکرد بە سامانی وولاّتان، ئاواش رۆژێك دێت گەنجە برسیەکانی کوردستان وەکو مەغۆلەکان هەڵسوکەوت دەکەن لەگەڵ ڕووداوو ئاکامە بەدەست هاتووەکان، بەم شێوەییە دەبینین گەنج گەلێك دروست بووینەو لە گۆشەیەکی کۆمەڵگادا پێکهاتوون، کەکەس نایان ناسێتو نەمافیشیان دراوە وە ناشدرێت، کە تاوای لێدێ چینێك لە مشەخۆرو تەمبەڵوپەراوێزخراوی کوردستان بەدەردەکەون، ئەوانیش بەناوێکی تازە هەستپێکراوو بەواقعیەتێکی کۆمەڵگاکەمان دێنەبوون، کە پێان دەڵێن گەنج گەلێکی برسی.. برسی برسی ...بە بەردەوامی بۆ ژیانێکی تێر لەخۆشی چاوەڕوان دەکەن.

15-2006/6/16 _هەینی

باشووری کوردستان_شاری هەولێر